**رانانی کتێب**

# رۆژئاواو ئەوانی تر : سەربردەی سەرکەوتنێك

**رانانی ( خدمة كامبردج بوك ريفيوز)**
**و/ کامیل محەمەد قەرەداغی**
**ناوی کتێب :- رۆژئاواو ئەوانی تر : سەربردەی سەرکەوتنێك**
**نوسەر :- سۆفی بەسیس**
**ژمارەی لاپەڕەکان :- 340**
**چاپ :- یەکەم 2001**
**خانەی چاپ :- لادیکۆڤێرت – پاریس –فەرەنسە**

*سۆفی بەسیسی نوسەری ئەم کتێبە دەیەوێ لە کایەی مێژودا ڕوبەڕوبونەوەیەك لەگەڵ خودی ڕۆژئاوادا دروست بکات. لە تێڕوانینی رۆژئاوا بۆ خۆیو بۆ خەڵکی تر،و یەکتربڕینی ئەم تێڕوانینە لەگەڵ تێڕوانینی خەڵکانی تردا بۆڕۆژئاوا. ئەم کتێبە تاوتوێکردنی گەلاڵەبونی رۆژئاوایە، ئایا شوێنی خۆی لەبەرامبەر ئەوانیتردا چۆن داناوەو چۆن دایدەنێ. سەربردەی سەرکەوتن، یان زاڵبونی رۆژئاوایە بەسەر جیهاندا. زاڵبونێك کەبەچەند سەدەیەك گەلاڵە بووە،و لە ساڵی(1492)وە دەستپێدەکات. نوسەر ئەم ساڵە بەبنچینەی لەدایکبونی رۆژئاوا دادەنێ. ساڵی دۆزینەوەی ئەمریکاو دەرکردنی موسوڵمانو جولەکەکانە لە ئیسپانیا. بەمشێوەیە نوسەر مەرزەکانی ئەوروپای نوێ لەگەڵ سەدەی شانزەدا لە میانەی پرۆسەی تاپۆکردنی (جیهانی نوێ)و دورخستنەوەی (موسوڵمانەکان لە ئەندەلوس) وێنە دەکێشێ.

بێگومان ڕاستە ڕۆژئاوا وردە وردە لە سەدەکانی مێژودا دروست بوە، بەلاّم ئەو گەلاڵەبونە بەم شێوەو پەرەسەندنەی ئێستا لە سەدەی شانزەوە نەبێ دەستی پێنەکردوە.

ئەفسانەی دامەزرێنەری ئەوروپا لەسەر مەرجەعیەتێکی یۆنانیو رۆمانی گەلاڵە بوەو بەمەش هەمو سەرچاوە رۆژهەلاّتیو نافەڵەییەکانی تری لێ دورخراوەتەوە، وەك (سەرچاوە میسریو هندی ئیسلامی)یەکانی شارستانی ئەوروپایی. بەپێی ئەم ئەفسانەیە ئەوروپا میراتگری گریكو رۆمایەو سەراپا فەڵەییەو هیچ نفوزێکی تر نیە خڵتەی تێ بخات. لێرەوە بیریارەکانی چاخی ڕێنیسانس ویستویانە ڕەچەڵەککارییەکی ڕاستەوخۆ لەگەڵ ئەسینادا دروست بکەن.

تێکەڵکێش بونی فەڵەیی ئەوروپایی لەگەڵ تێزی ڕەگەزیدا ئەو مۆرکە دووفاقییەی ئینتیمای دروست کرد کە پەلاماردانو داگیرکردنی ئەمریکای ڕەواکرد. بۆ بەئەنجامگەیاندنی سەرکەوتنی ئەم داگیر کردنە ئەوروپیەکان یەکەم تاوانی قەلاّچۆکردنی مرۆییان لە مێژودا ئەنجام دا. ئەوەبو لە ماوەی کەمتر لە(30) ساڵدا ڕێژەی (80٪ تا90٪) ی دانیشتوانی (ئەنتێل)ی گەورەیان قەلاّچۆ کرد.

ئەمەش وایکرد لە ناوەڕاستی سەدەی شانزەدا دانیشتوانە ڕەسەنەکان نیمچە قەلاّچۆیەکی تەواوبن، هەر لەوکیشوەرەدا دانیشتوانە مەکسیکییەکانیش کەمکرانەوە، لە (25) ملیۆنی ساڵی(1519)وە تاساڵی (1580)بون بە (9.1ملیۆن) دانیشتوانی پیرۆش لە دەملیۆنی ساڵی (1530)وە بۆ ساڵی(1590)بون بە (5.1ملیۆن)بەمشێوەیە سێبەش لەچواربەشی خەڵکە ڕەسەنەکەی دانیشتوانی ئەمریکایان قەلاّچۆکرد.

لە میانەی پاکتاوکردن و دورخستنەوەی ڕەگەزی (ئەندەلوسی) و دۆزینەوەی (جیهانی نوێ) بزوتنەوەی ئەوروپا بەسەرۆکایەتی ئیسپانیا لە قۆناغە بەراییەکانی خۆیدا بەسێ ناونیشاندا تێپەڕی: ئاین (فەلەیی) پوختبونەوەی ڕەگەزی، بالأبونی ڕەگەزیی بەرجەستەبو. ئەم ناونیشانانەش کران بەبەهانە بۆ داگیرکردنی جیهان و کۆنترۆڵکردنی. بەلأم ئەوروپا کە هندییە سورەکانی قەلاچۆکردبو لەوکاتەدا پێویستی بەدەستی کارگەریش هەبو بۆ پاوانکردنی خێروبێری جیهانی نوێ. ئەوەبو لە سالی(1518)دا بازرگانیی کۆیلە بە شێوەیەکی فراوان دەستی پێکردو نزیکەی چوارسەدە بەردەوام بو.

پاش ئەوەی ئەوروپا چەند گەلانێکی ئاشکرا کرد کە هەرگیز ناونیشانیشیانی نەبیستبو، ملکەچی دەستەلأتی خۆیی کردن. لەمەوە ئیترگرێی (دێرینی-یان کیشوەری دێرین)ی لەل دروست بوو، ئەوروپا خۆیی واقایلکرد کە شارستانیەکەی لە شارستانیی گەلانی‌تر لەپێشترە.

بەلأم هەمو مەسەلەکە، ئەوەی کە هەیە ئەوەیە ئەوروپا چەند گەلێکی ئاشکرا کردوە، کە پێشتر هەستی بەبونیان نەکردوە. ئەمەش مانای ئەوە نیە شارستانیەکەی ئەو لەپێشتر بێت. ئەو ئەوروپایەی کە بەجیهاندا فراوانبۆتەوە لەسەر دوو ئەفسانە بونیادنراوە:- یەکەمیان داهێنانی مێژوییەك کە ڕۆژهەلأتی لێ دورخراوەتەوە، یان وادادەنرێ لە کایەی جوگرافی و مێژویی فەلسەفیی ئەوروپاش دورخراوەتەوە.

دوەمیان، ئەو بۆچونەی کە مرۆڤایەتی تەنها بۆ ئەروپا پاوانە نەك شوێنی تر.

نوسەر لەباسەکەیدا لەپڕ دەکەوێتە سەر وێناکردنی ئەوروپای ڕۆشنگەری، و وادادەنێت کە ئەویش هەر تاریکستانی-تاریکخوازی-بوە. چونکە سەرانێکی ڕۆشنگەری هەلوێستی ناڕۆشنگەرییان نواندوە، چونکە ئەو ڕێنیسانسە ئەوروپاییەی کە ڕۆژئاوای سواغ داوە، بانگەشەی ئازادی‌و یەکسانیی تاکەکان دەکات، کەچی ئەوروپا خۆی یەکەم لایەنە بەفراوانخوازییەکەی لە جیهانداو لەسەر بەڕەی گەلانی تر ئەم پرەنسیپانە پێشێل دەکات.

بەشداریی هزری ڕۆشنگەری لە چەسپاندن و بەهانە هێنانەوەدا بۆ بالأدەستیی ڕۆژئاوا لە زەینی خەلکدا، لە میانەی بانگەشەکردنەوە بوە بۆ ئەفسانەی (پیاوی سپی)وئەرکە شارستانیەکەی. هەتا کۆتایی سەدەی نۆزدە ئەوروپیەکان (بە بیریاران و سیاسەتمەدارانیشەوە) باسیان لەوە کردوە کە ئەوە ئەرکی ڕەگەزی سپییە، ڕەگەزە نزمەکان بباتە ناو شارستانییەوە، و ئەرکی ئەویشە(ئەوانیتر) کۆنترۆل بکات.

بەلأم پێویستیەکانی دامەزراوەی ئیستعماری هەندێ لە ڕاستکردنەوەی تەکنیکیانەی بەسەر ئەم پلەبەندییە ڕەگەزییەدا سەپاند: وەك ئەوەی کە فەرەنسە دەیگوت (بەربەرەکانی) باکوری ئەفریقیا لە ڕەگەزی ئەوروپییەوە نزیکن، ئەمەش بۆ ئەوەی بەرەبەرەکان لە عەرەب دوربخەنەوە (سیاسەتی جیاوازیکردن) .

بەمشێوەیە کەلتوری سەرکەوتن لە هەست و نەستی ڕۆژئاوادا لە دایکبو، و چەسپاو لەمیانەی هێرشی ئیستعیماریانەی ئەوروپاوە بەرجەستەبو، بەلأم لە پاش جەنگی جیهانیی دووەمەوە کەوتە ئەوەی بەمێژوی خۆیدا بچێتەوە، بەو نیازەی جۆرێکی تری پەیوەندی لەگەل ئەوانەدا دروست بکات کەلە ڕابوردودا بە نیازی ڕاکێشانیان بۆ ژێر چەتری خۆی چەندان تاوانی بەرامبەریان ئەنجامداوە، بەلأم ئەم پەرەسەندنەش قەناعەتی بالأدەستیەکەی نەجولأند.

نوسەر پێیوایە ئەوەی لە ئەنجامی فراوانخوازیی ڕۆژئاوایی و کۆچی ملیۆنان کەسی ئەوروپایی بۆ ئەمریکاو ئوستراليا کەوتەوە، ئەوەبو ئەوروپا لەبەرژەوەندیی ئەو چەمکەی ڕۆژئاوادا کە بەچەند سەدەیەك دروست بوبو، و لەگەل سەرەتای سەدەی بیستدا ڕەهەندێکی جیۆسیاسییانەی وەرگرت، سەنتەر بەندییەکەی خۆیی لەدەستدا.

ئەوەبو لەسەروبەندی جەنگی جیهانیی دووەمداو بەهۆی ڕوبەڕونەوەی کۆمۆنزمەوە، ڕۆژئاوا بوبە دەستەیەکی ستراتیژیی بەهێز لە ژێر سەرکردایەتیی وڵاتە یەکگرتوەکانداو، ئەوروپاش موستەعمەرەکانی خۆیی لە دەستداو بە تێکشکاوی لە جەنگی جیهانی چوە دەرەوە.

بەمشێوەیە سەرلەنوێ ململانە لەناو هەردوو باڵی ڕۆژئاوایی (کاسۆلیکیو پرۆتسانتی)و ڕۆژهەڵاتی (ئەرسەزۆکسی)ی شارستانیی فەڵەییدا دروستبو، بەڵام ململانەکە لە ڕابوردویەکدا بەشکستی ئەمەی دووەمیان کۆتایی هات، ئەو کاتەی کە قوستەنتینییە کەوتە دەست عوسمانییەکان.

سەباری ئەوەی ڕۆژئاوا زاڵبونێکی جیهانیی پەیدا کرد لە پاش (1945)وەو لەشەڕی ساردا بەسەرکەوتویی هاتە دەرەوەو لە (هەوڵی یەکخستنی ئەوروپادا) بەرەو ڕۆژهەڵات کشا. بەڵام نوقڵانەی لەرزینی قەناعەتی باڵادەستیەکەی کەوتە ئەوەی لە ئاسۆکانەوە دەرکەوێ. چەمکی (ڕۆژئاوا)ش کە وەك گوزارەیەکی جێو سیاسی خۆیی سەپاندبو ئەویش کەوتە ئەوەی تەلیسمی خۆی لەدەست بدات. هەروەها ئەو ڕەوشەش لەرزی کە ئابوریناسو پسپۆرانی بواری پەرەسەندن زاراوەی (باکور)یان بەکاردەهێنا، ئەو باکورەی دیاریکردنەکەی بەپێی پێوەرەکان نەبو. ئەم (لێڵبون)ەی بەسەر ڕۆژئاوادا هات هۆکارەکەی ئەوەیە ژاپۆنو وڵاتانی باشوری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا چونە ناو جیهانی تەکنەلۆژیای پێشکەوتوەوە.

موعجیزەی ئابوریی ژاپۆنو پڵنگەکانی ئاسیا جۆرێك لە دابڕانی چەمکەکانی دروستکرد. هەروەها تەوەری ئابورییانەی (باکور-باشور) بەبەرگێکی نوێوە. جێگەی تەوەری جیۆستراتیژی و ئایدۆلۆژیانەی (ڕۆژهەڵات-ڕۆژئاوا)ی گرتەوە. بەڵام ئیلتیباسی جیۆسیاسیانە باکورو باشور بەیەکەوە دەگرێتەوە.

وڵاتانێك لە باکورن کەچی وایان لێهات سەر بەباشور بن، وڵاتانێکی باشوریش وایان لێهات سەر بەباکور بن، پێوەری بنچینەیی ئەم گۆڕانە دەوڵەمەندیو ئاستی پێشکەوتنی پیشەسازیو تەکنیکییە ،نەك جوگرافیا. بەمشێوەیە لەگەڵ گەشەسەندنی بەشی باشوری ڕۆژهەڵاتی ئاسیاو چین لە بازرگانیی جیهانیدا سەرەتاکانی داخورانی زاڵیی ڕۆژئاوا دەرکەوتن. ئابوریی (پڵنگەکانی ئاسیا،چین،هند، بەرازیل) وڵاتە ڕۆژئاواییە توانا سستبوەکان دەترسێنێ، ڕۆژئاواییەکان ئێستە سستییەکی ئابوریی درێژخایەن دەگوزەرێنن.

ئێستە ئاسیا نزیکەی(30٪)ی بەرهەمی جیهانیی لە دەستدایە. ئەزمونی ئاسیایی گرەوی لەو قەناعەتە ڕۆژئاواییە چەسپاوە بردەوە کە دەڵێ (نمونەی ڕۆژئاوایی) نمونە حەتمییەکەی مانەوەیە. هەروەها پیشانیدا کە کارپێکردنی سیستمی سەرمایەداری مەرج نیە بگات بە نمونەی لیبراڵی.

هەمو ئەمانە بە دور لە سەنتەر بەندیی ڕۆژئاواییو باوەڕی باڵادەستیی سروشتیی ڕۆژئاوا بەشدارییان لە ئاوابونی چەمکی ڕۆژئاوادا کرد لەبەرژەوەندیی چەمکی باکوری فرە کەلتوردا. ئەوەبو ئیتر ڕۆژئاوا بەبیانوی بونی کێبەرکێکاریی ناڕەواوە ئیدانەی ئاسیای کردو شەڕێکی ئابوریی لە دژی ڕاگەیاند، بەڵام کێبەرکێ کردنی ڕۆژئاوا بۆ ئەوانیتر ڕەوابو. بەمشێوەیە لە ئاستی جیهانیدا ئەو پاوانکردنی پیشەسازییەی لەدەست دا کە پتر لەسەدەو نیوێك لە دەستیدابو. بەڵام خەمەکانی ڕۆژئاوا لەلای (ئەوانیتر)ەوە هەڵناقوڵێن بەڵکو خۆجێینو لەناو خۆشدا دروست دەبن وەك (بێکاریی زۆر-لاوازیی ڕێژەی پەرەسەندن- پەڕاوێزکەوتنی کۆمەڵایەتی، پاشەکشەی ڕۆڵی دەوڵەوت). لە گەرمەی ئەم داخورانەدا سەرلەنوێ لۆژیکی(ئێمە-و-ئەوان) تەنانەت لەناو خودی وڵاتە ڕۆژئاواییەکانیشدا کەوتەوە گەڕ.

ئەوەتا فەرەنسا موسوڵمانەکان لە ڕیزی هاوڵاتییە بێگانەکانی خۆیدا دانانێ، هەروەها بەفەرەنسیشیان دانانێ، بۆیە زاراوەی (وەچەی دووەمی-داهێناوە) هەمو ئەم بارودۆخە نوێیانە ڕۆژئاوایان لەبەردەم

بەرپرسیاریی سەلماندنی ئەو گوتارە مرۆییەدا داناوە کە خۆیبانگەشەی بۆ دەکات. ئەگەرچی رۆژئاوای هەتیوی پاش هەرەسی بلۆکی ڕۆژهەڵاتی دەڵێ پەیامی (ئازادی، یەکسانی، مافەکانی مرۆڤ)ی هەڵگرتووە، کەچی کاری بۆ ئەوە کردوە لە پاش دوژمنی کۆمەنستی، دوژمنێکی نوێ بەتایبەتیش لە ئیسلام دروست بکات، چەند فاکتەرێکی بابەتیو خۆیی بەشدارییان لە هێنانە کایەی ئەم هەڕەشە نوێیەدا کردوە.

لە کۆتاییدا سۆفی بەسیس پێیوایە سەرباری دەرکەوتنی چەند سەنتەرێکی نوێی هێز لە جیهاندا، هێشتا هەر رۆژئاوا ئەو پاڵێوراوەیە دەتوانێ باڵ بەسەر جیهاندا بگرێ. بەڵام باڵگرتنێك لە فۆرمێکی نوێداو لە چێوەی کۆمەڵە پەیوەندییەکی جیاوازدا لەگەڵ ئەوانیتردا. بەجیهانیکردنیش لەو سەرەوە هەر یەکخستنێکی گەردونە لە ژێر قەڵەمڕەوی سەرکردایەتیی رۆژئاوادا، بەڵام چاخی هەیمەنە تێپەڕیوە، ناوەندی هێزو بڕیاردانیش لە جیهاندا زۆربون. ئەمەش نەك هەر سەکەوتنەکە لەدەست ڕۆژئاوا دەسەنێ، بەڵکو ئەو سەنتەر بەندییەشی لێ وەردەگرێتەوەکە جاران خەسڵەتێکی بنچینەیی ئەوبو.

ئایا ئەو شەپۆلە میللییە فراوانانەی ڕۆژئاوا لە دژی (بە جیهانیکردن) گوزارەکردن نین لە هەرەسی ئەو ئەفسانانەی رۆژئاوایان دروست کردوەو، لە کۆتایی هاتنی قەناعەتی (سەرکەوتویی رۆژئاوایی)؟ دیارە ئەمە ئاسایی کردنەوەی باری ڕۆژئاوایە لە جیهانێکی بەجیهانیکراودا.

**لەم سەرچاوە ئینتەرنێتیەوە کراوە بە کوردی**

www.aljazeera.net/books

**الغرب والأخرون :- قصة تفوق**

2001/10/8